كەو

ناو: كەو

بە عەرەبی.. القبج، الحجل الرومی، دراج الصخور

بە لاتینی.. Alectoris graeca kurdestainca

ئیسماعیل تاها شاهین

درێژاییەكەی ٣٢-٣٥ سەنتیمەترە، كەوی نێر لەسەر پانی پێی دا پاشپانیەكی هەیە كە بەمەش لە كەوی مێ جیا دەكرێتەوە، پشتی كەو بۆڕو رەنگ خۆڵەمێشی یە، چاوی قاوەیی و لاچاوانی سۆرە، دەنوك و پێی كەویش سۆرە، رەنگی پەرەكانی تەنیشتی كلكەكەی شێوە قەمەریە. زۆربەی كەو جووت جووتە یان رەف رەف دەبینرێت (هەر رەفێكی كەو نزیكی دوازدە كەو یان پترە). رەفە كەو زستانان زیاتر دەبێت، كاتێك كەو هەست بە ترس دەكات كەم دەفرێت بەلكو خۆی دەشارێتەوە یانیش بەرەو بەرزاییەكان دەروات. كەو لە بەهارو هاوینان زیاتر دەخوێنێت، كەوی نێر كاتی بوونی تێشكەكانی زۆر شەرۆكی یە. زۆربەی بەیانیان و ئێواران كەو لە سەركانی و ئاوەكان دەبینرێت، لە دۆڵ و ناو تاشە بەردو بەردە گەورەكانیش دا دەبینرێت و خواردنیشی گژ و گیاو پێشك و كرمە، هێلانەشی لە ژێر گژو گیاو ناو تاشە بەردە گەورەكان دروست دەكات. لە ٨-١٦ و هەندێك جاریش بیست هێلكە دەكات. كەوی نێر لەسەر هێلكەكان بۆ ماوەی ٢٢-٢٤ رۆژ دەمێنێتەوە و مێ كەویش چاودێری دەكات. لە كوردستان دو جۆرە كەو هەیە، كەوی كوێستانی كەوی شنگار. كەوی شنگار موویەكی بچووكترو كراوەتری لە كەوی كوێستانی هەیە. ئەم جۆرە كەوە لە رۆژهەلاتی ئەوروپاو دوورگەكانی دەریای ئیجەو گرێت و رۆژهەلاتی ئیتالیا و بلقان تا دەگاتە چیاكانی هەمەلایاو چین هەیە.